## یاری فوتباڵ

یەکێك لە رشتە وەرزشیەکان کە لە شاری بۆکان وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان بەرچاو و هەمەگیر خۆیدەنواند، رشتەی فوتباڵ بوو. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە بەشداریکردنی هەزاران شاروەندی بۆکانی بۆ ستادیۆمەکان و سەیرکردنی یاریەکان بکەین کە بە بڕوای من هەر ئەم پێشوازیە لە لایەن خەڵکەوە بوو بە هاندەر و گەشەکردنی فوتباڵ لە بۆکان.

مێژووی فوتباڵ بەگشتی لە ئێران و چۆنیەتی هاتنی بۆناو وڵات بە جوانی روون نییە. دوای گەڕانێکی زۆر و پەیوەندی لەگەڵ زۆر کەسایەتی و پشکنین لەناو ئینتەرنێتدا، دەردەکەوێت کە لە ساڵی 1286 ی هەتاوی واتە 104 ساڵ لەوەپێش بە رێکخستنی کێبەرکێیەك فوتباڵ ی نێوان سێ تیم کە بریتی بوون لە تیمی کونسوڵی ئینگلیز و تیمی بانکی نێودەولەتی ئێران(شاهەنشاهی) و ئەندۆ(مووچەخۆورانی ئۆرووپایی) لە لایەن کونسوڵی ئینگلیزەوە، فوتباڵ لە ئێران دەستی پێکردوە. پاش دروستبوونی کلووپە وەرزشیەکان، فوتباڵ لە ساڵی 1310ی هەتاویی بە فەرمی دەستپێکردووە و لە 4ی شەهریوەری 1320ی هەتاویدا تیمی میللی ئێران بۆ یەکەمین جار لەگەڵ تیمی ئەفغانستان یاری دەکات و پینج بە هیچ دەیباتەوە.

فوتباڵ ساڵی 1533 ی زایینی لە وڵاتی ئینگلستان لە دایك بووە. لەسەرەتادا هیچ یاسا و قەواعیدێکی ئەوتۆ لە یاریدا لەگۆڕێدا نەبووە و زۆر جاریش بە دەستیش یاریاندەکرد. تا لە ساڵی 1845ی زایینیدا یاسایان بۆ دانا و لە هەمان ساڵیشدا بە تەواویی لە وڵاتی ئینگلیز بە یارییەکی فەرمی ناساندرا. بە درووستبوونی باشگا و کلووپ بۆ یاری فوتباڵ، وردە وردە ئەم وەرزشە نوێیە جێی خۆی نەتەنیا لە ئینگلیز بەڵەکوو لە زۆربەی وڵاتانیتری ئۆرووپا و تەنانەت جیهانیشدا کردەوە.

**فوتباڵ لە بۆکان:**

بەهۆی نەبوونی ئارشیڤی رێک و پێک لە ئیدارەی تەربیت بەدنی بۆکان، روون نییە لە چ ساڵێکدا فوتباڵ هاتۆتە ناو شاری بۆکان. لەسەر چالاکی وەرزش لە رابردوودا ئارشیڤ گەلێک کەمن، و ئەگەریش ئارشیڤ کراون لە حاڵی حازردا هیچ بەڵگەیەك لە دەستدا نییە کە زانیاری بداتە دەست ئێمە بۆ روونکردنەوەی دەسپێکی یاری فوتباڵ لەبۆکان. هەر بەم هۆیە پەیۆەندیم لەگەڵ رێزدار مەحموود حیسامی کەسایەتی و راهینەری وەرزەشی لەشاری مەهاباد گرت، کە ماوەیەکی زۆر لە شاری بۆکان خزمەتی وەرزەشی شارەکەی کەردوە.



مەحموود حیسامی



لە راستەوە: ئەحمەد سامبەگی، حوسێن عەبدولاهی، مەحموود حیسامی

لەسەر ژیاننامە و مێژووی وەرزش لە بۆکان کاك مەحموود حیسامی لە زمانی خۆیەوە ئاوای بۆ نووسیوم: ساڵی 1318 ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایك بوم، قۆناخی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم هەرلە مەهاباد تەواو کردوە، پاش خزمەتی سەربازی گەڕاومەتەوە بۆ مەهاباد و لە ساڵی 1340ی هەتاویدا بوومەتە کارمەندی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش لە بواری وەرزشی لە مەهاباد. پاش دوو ساڵ واتە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی بۆ شاری بۆکان ناردراوم و لەوێ پۆستی سەرپەرەشتی ئیدارەی تەربیەت بەدەنی کە لە ژێر چاوەدێری ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش دا بوو، بە ئەستۆم ئەسپاردرا. پێویستە ئەمەش بڵێم کە لە پێش من دا بەرپرسی ئەم پۆستە بەڕێز کاك قادر دانشیار خەڵکی مەهاباد بوو، کە لەگەڵ دو هاوکار و مامۆستای وەرزش کاك سولەیمان کەریمی خەڵکی مەهاباد و مەرحوومی کاك ئەحمەد سامبەگی خەڵکی بۆکان بەڕێوەی دەبرد. لە بۆکان هیچ ماڵ و حاڵێکم نەبوو، لە ماڵی خۆشکم نیشتەجێ بووم و لە بەر کار و باری زۆر فریای ماڵگرتن نەدەکەوتم. بە تەنیایی کارکردن بۆ چەند قوتابخانە (کیژان ولاوان) زۆر هاسان نەبوو، بە نووسینی نامەیەکی فەرمی بەهۆی ئێشی زۆر، داوای دو هاوکارم کرد. پاش ماوەیەکی کورت وەڵامیان دامەوە کە بەم زوانە دو هاوکارت بۆ دەنێرین. لە نامەی دووهەمدا داوام کرد ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێت، خۆم هەر لە بۆکان هاوکار بدۆزمەوە. بە خۆشیەوە ئێزنیان دا و منێش مەرحوومی ئەحمەد سامبەگی و کاك حوسێن عەبدولاهی کە مامۆستای وەرزەش لە قوتابخانەکانی بۆکان بوون، وەک هاوکار بە ئیدارەی تەربیەت بەدەنیم ناساندن. پاشان وەشوێن ماڵ کەوتم و لە حەساری ماڵی حاجی کەریم مەردان بەگی گیرسامەوە. پاشان خێزانیشم راگوێزی بۆکان کرا. لە بۆکان بە هاوکاری دو هەڤالی خۆشەویست کاك ئەحمەد سامبەگی و کاك حوسێن عەبدولاهی کە ناسراو و خۆشەویستی شارەکە بوون، کارەکان بە جوانی دەچوونە پێش و رێز و ئیحترامێکی یەکجار زۆرم هەم لە لایەن وەرزەشوانان و هەم لە لایەن خەڵکی یەوە لێ دەگیرا. لە زۆربەی یاد و بۆنەکانی ئەوکات دا کێبەرکێی فوتباڵ، والیبال، زۆرانبازی، پینگ پۆنگ، دووچەرخە لێخوڕین، و راکردنمان رێک دەخەست. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە بواری وەرزشی ئەوکات کە هەم لە بۆکان و هەم لە ئوستان دا زۆر بەر چاو بوو بکەم، ئەویش رشتەی ژێمناستێکە کە لە ژێر راهێنەریی مامۆستای خۆشەویست ڕێزدار سولەیمان کەریمی دا بوو و گەلێك ناوێ بۆکانی لە ئۆستاندا بەرز راگرتبوو. پاش چەند ساڵێك هاوکات لەگەڵ سەربەخۆبوونی ئیدارەی تەربیەت بەدەنی لە بۆکان، کاك ئەحمەد بوو بە بەرپرس و منیش لە شوێنی خۆم واتە ئاموزش و پەروەرش مامەوە.

چوارده ساڵ له بۆکان خزمەتم کرد و پاشان به هۆی کێشەی کەسی گرامەوه مەهاباد و له قوتابخانەی ڕاهنمایی کیژان بووم به مەعاون و پاش دو ساڵ بووم به ڕەئیسی هەمان قوتابخانه. دەتوانم به دڵ پاکیەوه بڵێم من تەنیا چارده ساڵم ژیان کرد، ئەویش له بۆکان بوو. ئیستا له حاڵی حازر بیست ساڵه خانه نشینم وهەیئەت مودیری کانوونی خانه نشینانی مەهابادم و زۆربەی کات لەگەڵ دۆستان و هەڤاڵان هات و چۆی کێو و شاخ دەکەین. لەسەر بارودۆخی ئیستای وەرزەش له کوردوستان بێ ئیغراق دەبێ بڵێم، وەرزەشی بۆکان زۆر رو به باشیی ڕۆیشتۆوه به تایبەت فوتباڵی بۆکان له ناوچەدا پلەی یەکەمه. لەوه زیاتر سەرتان نایەشێنم، ڕێز وسڵاوم هەیه بۆ هەموو ئەو بۆکانیانەی که له دەرەوه و ناوەوەی وڵات دەژین.



بەخشداری بۆکان له کاتی خەڵات دان به عەزیز فەرامەرزی

له چەپەوه:مەحمۆد حیسامێ، حۆسێن عەبدوڵاهی، جەواد جەواهری،



له ڕاستەوه: بابامێری، حیسامی، نیستانی پوور، ئاسەف، بەخشدارله کاتی خەڵات دان به قادر قادرزاده




له چەپەوە: سولەیمان کەریمی، مەحموود حیسامی، لە پشت حیسامی یەوە، جەعفەر شەکەرانی، عەزیز فەرامەرزی، سەنگینێ، جەعفەر ئیسماعیلزادە ١٣٤٥ ی هەتاوی



لە راستەوە: ئەحمەد سامبەگی، حەمە نەعلبەندی، قادر مەعرووفی، عومەر عەزیزنیژاد، عوسمان عەزیزی، عوسمان ئیلخانی زادە، حەمە بەهشتی، فەتاح ئیلخانی زادە، مەحموود حیسامی، دانیشتوان لە چەپەوە: رەزا بویی ئەفزار، عەدو سەقزی، جەعفەر عەلیار، فاروق ئیلخانی زادە، برایم وەلیزادە، ساڵە شێرمحەمەدی



مەحموود حیسامی لەگەڵ مەرحووم ئەحمەد سامبەگی کاتی داوەری کێبەرکێی کڵاو داگەرتن لەسەر دووچەرخە لە قوتابخانەی کەشاوەرزی بۆکان